## کاندیدەکانی هەردوو حزبی ئەمریکا بەهۆی پشتگیرییە دارایییەکانی ئیسرائیلەوە دەردەچن

### کورتەیەک لە کتێبی

# لۆبی ئیسرائیل و سیاسەتی دەرەوەی USA

نوسینی: جۆن جەی
وەرگێڕانی بۆ فارسی: ن. نوریزادە لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

IDEA DEPLOMATIC




**هەر کاندیدێک دژایەتی سیاسەتی ئیسرائیل بکات ئەوا خۆکوژییەکی سیاسی کردوە**

**ئ** ئاڕاستەکردنی ڕەوەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەلایەن لۆبیەکانی ئیسرائیلەوە (ئایپاک) تاک و لایەنە پێکهێنەرەکانی لۆبی دوو ئامانجی ستراتیژیان لە ئەمریکا هەیە و بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە ئیسرائیل کاردەکەن.

یەکەم: بەکارهێنانی سەرجەم توانا و هێزی خۆیان بۆ کاریگەری خستنەسەر سیاسەتی دەرەوەی واشنتۆن.

دوەم: هەوڵدان بۆ دروستکردنی وتوویژ و هاندانی رایگشتی ئەمریکا لەبارەی ئیسرائیلەوە.

لێرەدا ئێمە تیشک دەخەینە سەر ئامانجە ستراتیژیەکانی لۆبی ئیسرائیل. دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکا لەنێوان دوو باڵی سیاسیدا واتە یاسادانان (ئەنجومەن) و جێبەجێکارانی یاسا (دەوڵەت) دابەشکراوە و ڕێکخراوە لۆبیەکانیش تەواوی توانای خۆیان بۆ کاریگەری خستنەسەر ئەم دوو باڵە بەکاردێنن. لۆبیەکان لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی رایگشتی و

ئاماره سیاسیەکانەوە بەردەوام هەوڵدەدەن کەسانی لایەنگریان بۆ پۆستە کلیلیەکانی وەک ئەندامی ئەنجومەن و وەزیرەکانی کابینە و جێگرەکان هەڵبژێردرێن. لەبەرئەوە بنەمای لۆبی ئیسرائیل سیاسەتی زیرەکانەیە لەڕوی دابینکردنی تێچونی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری یان ئەنجومەن و جێبەجێکارانی یاسا کە سیاسەتەکانی ئیسرائیل لەناوچەکەدا پەسەند دەکەن یان بەلایەنی کەمەوە ئەو کەسانەن کە دیدێکی رەخنەگرانەیان بەرامبەر سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە نییە. بەواتایەکیتر لۆبی ئیسرائیل وەک گروپە سودمەندەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیان بەردەوام هەوڵدەدەن بۆ رێگەگرتن لەو بڕیارانەی دژ و پێچەوانەی پرۆژە و بەرنامەکانی ئەوان لەلایەن هەردوباڵی دەسەڵاتی ئەمریکاوە دەردەچن. ئەمەش بووەتە هۆکارێک کە رێبەرانی ئەمریکا بەرنامە و پرۆژە سیاسیە پێشوەختەکانی گروپی لۆبیەکان بەتایبەتی لۆبی بەهێزی ئیسرائیل پەسەند بکەن.

### کاریگەری لەسەر ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا

لۆبیەکی بەهێز و کارا لەئەمریکا ئەو لۆبیەیە کە بتوانێت کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی کۆنگرێسی ئەم وڵاتە هەبێت. ئیسرائیل بەپێچەوانەی وڵاتانیترەوە لە رەخنەی کۆنگرێسی ئەمریکا بەدورە. ئەمەش بەهۆی کاریگەری زۆری لۆبی ئیسرائیلە لەسەر کۆنگرێس. کاتێک بابەتێکی پەیوەندیدار بە ئیسرائیلەوە لە کۆنگرێس باس دەکرێت لەگەڵ ئەوەی نوێنەرەکان رەخنەیان نییە، بەڵکو ئەوان بەئاسانی ناتوانن لەوبارەیەوە گفتوگۆ بکەن. بۆنمونە کاتێک بابەتی ئاشتی ئیسرائیل – فەلەستین لە (2007/2/14)لەلایەن کۆمیتەی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باشوری ئاسیا لە ئەنجومەنی نوێنەران باسکرا، بێدەنگی باڵی کێشا بەسەریاندا. کۆندۆلیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا کاتێک ویستی رەوەندی ئاشتی زیندوبکاتەوە، (3)

> **ئیسرائیل بەپێچەوانەی وڵاتانیترەوە لە رەخنەی کۆنگرێسی ئەمریکا بەدورە. ئەمەش بەهۆی کاریگەری زۆری لۆبی ئیسرائیلە لەسەر کۆنگرێس**

ئەندامی کۆمسیۆن دژی وەستانەوە. ئەم 3 نوێنەرە لە راستیدا رۆڵی لۆبی بەتوانای ئیسرائیلیان دەگێرا ئەوانیش مارتین ئیندیک (Martin Indyk) ئەندامی رەسمی و پێشوی کۆمیتەی ئەمریکایی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئیسرائیل (ئایپاک AIPAC)، باڵیۆزی پێشوی ئەمریکا لە ئیسرائیل و بەڕێوەبەری سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست (سابان Saban Center for Middle East Policy)، لە دامەزراوەی برۆکینز (Brookings Institution)، داڤید ماکۆڤسکی (David Makovsky) ئەندامی لێکۆڵینەوەی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیکی واشنتۆن (WINEP) لایەنگری ئیسرائیل، دانییەل پایپز (Daniel Pipes) خاوەن بیروبۆچون و رێبەری راستەکانی (فۆرمی رۆژهەڵاتی ناوەراست Middle East Forum)). لەم کۆبوونەوەیەدا نەک رەخنە لە سیاسەتی ئیسرائیل نەگیرا، بەڵکو رێگە لە قسەکردنی ئەمریکاییە بەرەگەز عەرەب و فەلەستینییەکانیش گیرا. ئێم. جەی. رۆزنبێرگ (M. j. Rosenberg) کەلەرابردودا یارمەتی ئایپاکی دابوو لەم دانیشتنەی ئەنجومەندا بەو ئەنجامە گەیشت کە: (تەنها دەنگی لایەنێکی کێشەکە دەبیسرێت... هەرکەسێک لە گفتوگۆی رەسمی کۆنگرێس ئامادە بێت بۆ ئەوەی گوێ بیستی راوبۆچونی عەرەبەکان بێت ئەوا یان لەلایەن نوێنەرانەوە گاڵتەی پێدەکرێت یان بەگومانی ئەوەی بەنیازە زیان بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بگەیەنێت بە توڕەیی و نەفرەتەوە لێی دەڕوانرێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی لۆبی ئیسرائیل لە کۆنگرێسی ئەمریکا ئەندامێتی ژمارەیەک لە نوێنەران لە رێکخراوی (سەهیۆنییە مەسیحیەکان)ە. بۆنمونە ریچارد ئارمی وتەبێژی کۆنگرێس و یەکێک لەئەندامە سەرەکیەکانی ئەم رێکخراوە سالی (2002)رایگەیاند: (یەکەم کاری من لە کۆنگرێس و لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرگرییە لەبەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل). یەکەم کاری هەرئەندامێک پێویستە پاراستنی بەرژەوەندی ئەمریکا بێت، بەڵام ئەمە لەبارەی ئارامیەوە راست نییە.

سالی (2006)ژمارەیەکی زۆر لە یەهودیە ئەمریکاییەکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و سەنا هەڵبژێردران و ئەمەش نیشانەی لێهاتویی و توانای بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوانە لە چینی سەرەوەی دەسەڵاتی ئەمریکا. ژمارەیەک لە نوێنەران لەوانە جۆزێف لیبەرمەن لە پارتی دیموکرات لە ویلایەتی کۆنێکتیکێت و چارلز شومر و جیرالد نادلەر لە ویلایەتی نیویۆرک و هێنری واکسمەن نوێنەری دیموکراتەکانی ویلایەتی کالیفۆرنیا و رۆبەرت واکسلەر نوێنەری دیموکراتی ویلایەتی فلۆریدا بەرگریکاری حکومەتی ئیسرائیلن. لەمبارەیەوە واکسمەن سالی (2002)رایگەیاندوە: چەند نوێنەرێکی دیموکرات لە ئەنجومەن بوونیان هەیە کە لەگەڵ بۆچونەکانی من بەرامبەر ئیسرائیل

نین، بەڵام پێویستە بڵێم ئەوان هەرگیز بۆ کورسی نوێنەرایەتی کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوەی ئەنجومەن بۆ کاروباری ئیسرائیل و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵنابژێرێن.

بەڵام ئەو خاڵەی پێویستە تیشکی بخرێتەسەر ئەوەیە کە تەنها نوێنەرانی ئەنجومەن ڕێنمایی ناکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل، بەڵکو کارمەندانی ئەنجومەنیش رۆڵی بەرچاویان هەیە.

هەروەها نوێنەرانی ئەنجومەنیش کە پەیوەندیان بە لۆبیەکانەوە هەیە داوایان لێدەکەن نەک تەنها بۆ ڕێکخستنی پرۆژە بڕیارەکان و رەشنوسی یاساکان یارمەتیان بدەن، بەڵکو لە نوسینی وتارەکانیشدا داوای یارمەتی لە لۆبیەکان دەکەن. لەم نێوەندەشدا ئایپاک رۆڵی بەرچاوی هەیە و بەپێی دانپێدانانی سەرجەم گروپە لۆبیەکانی ئەمریکا و سیاسەتمەدارانی هەردوو پارتی ئەمریکا واتە کۆماری و دیموکراتەکان، ئایپاک یەکێکە لە گرنگترین لۆبیە کاریگەرەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بۆ نمونە بیل کلینتۆن وەک کاریگەرترین و باشترین لۆبی ناوی بردوە و وتەبێژی پێشوی ئەنجومەن نیوت گینگریچ بە گرنگترین گروپی کاریگەر و سودمەند لە جیهاندا ناوی هێناوە. لەمبارەیەو هاری رید سەرۆکی زۆرینەی سەنا و نوێنەری دیموکراتەکان لە ویلایەتی نیڤادا دەڵێت: (من ڕێکخراوێکی سیاسی لە ئەمریکا باشتر لە ئایپاک نابینم.)

تێچونی هەڵبژاردنەکان لە ئەمریکا زۆرە و بەردەوام وەک بابەتێکی هەستیار لێی دەڕوانرێت و سەرکەوتنی کاندیدەکانی پێوە گرێدراوە. لەبەرئەوە ئایپاک وەک گرنگترین لۆبی ئیسرائیل بەوردی بارودۆخەکە هەڵدەسەنگێنێت پشتیوانی ئەو کاندیدانە دەکات کە 100% دۆست و پشتیوانی ئیسرائیلن.

**ڕێگەکانی دابینکردنی تێچونەکانی هەڵبژاردن لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە:**

1-بەپێی راپۆرتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فیدراڵ کە رۆژنامەنوسێک بە ناوی میخائیل مسینگ ئاشکرای کردوە لەنێوان ساڵانی (1997 تا 2001)چل و هەشت ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی ئایپاک بەبڕی زیاتر لە (3)ملیۆن دۆلار یارمەتی کاندیدەکانیان داوە. هەروەها بەپێی راپۆرتی واشنتۆن پۆست ساڵی (2004)ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئایپاک لە ساڵی (2000)وە زیاتر لە (72) هەزار دۆلاریان داوە بە هەر کەمپینێکی هەڵبژاردن و کۆمیتەکانی جێبەجێ کردن و سیاسی دیاریکراوی خۆیان.

2-ئایپاک وەک کەناڵی پەیوەندی نێوان کاندیدەکان و سەرچاوەکانیتری دارایی بۆ تێچونی هەڵبژاردن کاردەکات. بێجگە لەوەی ئایپاک بەپێی یاسا نابێت دەست لە کاروباری سیاسی وەربدات و بەشێوەی راستەوخۆ پشتیوانی لە کاندیدەکان بکات و یارمەتی دارایی کەمپینەکان بدات نەک ئەوەی هەمو ئەمکارانە دەکات، بەڵکو هەڵسەنگاندن و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کاندیدەکان و پێشکەشکردنی بە کۆمیتەی جێبەجێ کردن و سیاسی لایەنگری ئیسرائیلیشی لە ئەستۆیە.

3-دەیڤد بیال مێژوونوس لەمبارەیەوە نوسیویەتی یەهودیە ئەمریکاییەکان، لۆبی ئیسرائیلیان لەسەردەمی شەڕی شەش رۆژەوە پەرەپێدا و گۆڕیان بۆ ئاڵۆزترین و کاریگەرترین لۆبی لە کۆنگرێسی ئەمریکا. ئەوان لە ڕێگەی دامەزراندن و پەرەپێدانی تۆڕی نەتەوەیی کۆمیتەی جێبەجێ کردن و سیاسی توانیان تێچونی کاندیدەکانی ئەنجومەن، ئەوانەی لایەنگری ئیسرائیل بوون دابین بکەن. بۆ نمونە هوارد فریدمەن (Howard Friedman) سەرۆکی ئایپاک لە کۆتایی ساڵی (2012)دا بە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەی راگەیاندبوو، کە ڕێکخراوەکەیان لەگەڵ تاک تاکی کاندیدکراوەکانی هەڵبژاردنی کۆنگرێسی ئەمریکا دیدار و گفتوگۆ ئەنجام دەدات و لەو گفتوگۆیانەدا ئەوان لە بارودۆخی هەستیار و مەترسیداری ئیسرائیل و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگادار دەکرێنەوە بۆئەوەی لەسەر بنەمای ئەم زانیاریانە درک بەپێگەی مەترسیداری ئیسرائیل لەناوچەکەدا بکەن و لە کۆنگرێس و ئەنجومەنە گشتیەکان بەرگری لێبکەن.

ئایپاک ئاماری ئەو دەنگانەی لە کۆنگرێس تۆمار دەکرێن دەخاتە بەردەستی ئەندامەکانی بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاگاییەکی باشترەوە بڕیار بدەن لەداهاتوودا کێ بۆ دابینکردنی تێچونی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بە کۆمیتەکانی جێبەجێکردن و سیاسی لایەنگری ئیسرائیل (APCs) بناسێنن. بەواتایەکیتر کاندیدەکانی هەڵبژاردنی داهاتو یان نوێنەرانی ئێستای ئەنجومەن کە دژی سیاسەتەکانی ئیسرائیل دەوەستنەوە یان رەخنەیان لێدەگرن، دەبێ چاوەڕێ بکەن کە لە داهاتودا ئایپاک دژی ئەوان پڕوپاگەندەی بەرفراوان دەکات.

ناوەندی وەڵامدەرەوەی بابەتە سیاسیەکان (CRP)کە ناوەندێکی لیکۆڵینەوەی بێ لایەنە و ئەرکی دۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی هەڵبژاردنەکانە کەم تا زۆرێک چەند کۆمیتەیەکی جێبەجێکار و سیاسی لایەنگری ئیسرائیل (PACs) دۆزیەوە و رایگەیاند ئەم کۆمیتانە ساڵی (2006)زیاتر لە (3)ملیۆن دۆلاریان داوە بە کاندیدەکانی هەردوو پارتی ئەمریکا. هەروەها بڵاوکراوەی ئیکۆنۆمیست رایگەیاندوە، کە لەنێوان ساڵانی (1990 تا 2004)ئەم کۆمیتانە نزیکەی (57)ملیۆن دۆلاریان بۆ کاندیدەکانی هەردوو پارتەکەی ئەمریکا دابینکردوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەمریکاییە بەڕەچەڵەک عەرەبەکان و کۆمیتەکانی لایەنگری موسوڵمانان کەمتر لە (800)هەزار دۆلاریان بۆ کاندیدەکانی خۆیان دابینکردوە.

لەبەرئەوە کاتێک پشتیوانی دارایی کاندیدەکانی هەڵبژاردنەکان ئەویش هەڵبژاردنی هەستیاری وەک سەرۆک کۆماری دەکرێت جێگەی گومان نییە کە لۆبی ئیسرائیل بەهێزترە.

بەوتەی رۆن کامپیز پەیامنێری (Jewish Telegraph)تێچونی دارایی کاندیدەکانی هەڵبژاردن کە لایەنگری

ئیسرائیلن لەلایەن تۆڕێکی زنجیرەییەوە دابینکراوە کە پەیوەندی نزیکیان بە لۆبی ئیسرائیل و ئایپاکەوە هەیە.

زیاتر لە سێ دەیەیە لۆبی ئیسرائیل لایەنی دارایی ئەو کاندیدانەی هەردوو پارتەکەی ئەمریکا دابین دەکات کە بەرگری لە ئیسرائیل دەکەن و لەبەرامبەریشدا ئەو نوێنەر و سیاسەتمەدارانەی گومانیان لە سیاسەتەکانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا هەیە یەک لەدوای یەک لە پانتایی سیاسی ئەمریکا وەدەر دەنێن. بۆنمونە سالی (2002) گروپە لایەنگرەکانی ئیسرائیل لەڕێگەی دیاریکردنی سەرچاوە داراییەکان و گرتنە ئەستۆی تێچونی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ڕکابەری سینتیا مک کینی (Cynthia Mc Kinney) نوێنەری دیموکراتی ویلایەتی جۆرجیا بوونە هۆی شکستهێنانی، مک کینی سالی (2004)گەیشتە ئەنجومەن، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی سالی (2006)دا شکستی هێنا و لە سیاسەت کرایە دەرەوە. هەروەها هانگ جۆنسۆن بە وەرگرتنی نزیکەی (34)هەزار دۆلار لە چەند گروپێکی لایەنگری ئیسرائیل توانی لە هەڵبژاردنە بەراییەکانی پارتی دیموکرات سەرکەوتو بێت.

ئایپاک و گروپە لایەنگرەکانی ئیسرائیل لە ئەمریکا بێجگە لە یارمەتیدانی دۆستانی ئیسرائیل لە هەڵبژاردنەکاندا، سەرکەوتوبوون ئەو سیاسەتمەدارانەی ڕەخنەیان لە ئیسرائیل هەبووە بەرەو لای خۆیان کێش بکەن. بۆنمونە کاتێک هیلاری کلینتۆن سالی (1998)پشتیوانی لە دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین کرد و سالی (1999)سوها عەرەفات هاوسەری یاسر عەرەفاتی لەئامێز گرت، لەلایەن لۆبی ئیسرائیلەوە ڕەخنەی توندی لێگیرا و دژایەتی کرا. هیلاری بۆی دەرکەوت کە ئەو پلە و پایەیەی هەیەتی بەهۆی پشتیوانی لە بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیلە و ئەمەش کاریگەری خستە لەسەر لۆبی ئیسرائیل بۆ ئەوەی پشتیوانی بکەن، ئەو پشتیوانییەی تا ئەمرۆش بەردەوامە و لۆبی ئیسرائیل بەیەکێک لە سەرچاوە گرنگە داراییەکانی

**زیاتر لە سێ دەیەیە لۆبی ئیسرائیل لایەنی دارایی ئەو کاندیدانەی هەردوو پارتەکەی ئەمریکا دابین دەکات کە بەرگری لە ئیسرائیل دەکەن**

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی دادەنرێت. هیلاری کلینتۆن بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەڵەکانی مانگی (2006/7) لە کۆبوونەوەی لایەنگرانی ئیسرائیل پشتیوانی خۆی بۆ شەڕی ئیسرائیل دژی لوبنان دەربڕی.

لێرەشەو بەو ئەنجامە دەگەین کە هەر سیناتۆرێک یان نوێنەرێکی ئەنجومەن بیەوێت هێڵی سوری ئایپاک تێبپەڕێنێت وەک ئەوە وایە یاری بەئاگر بکات و خۆی بسوتێنێت.

ئایپاک توانایەکی ئەوتۆی لە ئەنجومەندا هەیە کە ڕای تاکەکان دژی ئەم کۆمیتەیە کاریگەری نییە و بێجگە لە لەناوبردنی داهاتوی هەڵبژاردنی خۆی هیچ سودێکیتری نابێت. مۆریس ئامیتای بەڕێوەبەری پێشوی ئایپاک و بەڕێوەبەری دارایی دواتری ئەم ڕێکخراوە سالی (2002)ڕایگەیاندوە: لە ئێستادا سەرجەم ئەندامەکانی ئەنجومەن بەسود و کاران. جیمی کارتەر مانگی(2007/2)وتویەتی لە ئەمڕۆدا من هیچ نوێنەرێک لە ئەنجومەنی سەنا شک نابەم ئەو ئازایەتیەی هەبێت باس لە یەکسانی ئیسرائیل و فەلەستین بکات و لەبارەی ڕێککەوتنی ئاشتیەوە بدوێت، چونکە بۆ ئەندامێکی کۆنگرێس یان سەنا ئەگەر بخوازێت لە هەڵبژاردنی داهاتودا خۆی هەڵبژێرێتەوە و سەرکەوتو بێت دژایەتی سیاسەتەکانی حکومەتی ئیسرائیل خۆکوژیەکی سیاسیە.

هەروەها بەشداری ئەندامانی بەرجەستەی هەر دو پارتی کۆماری و دیموکراتی ئەمریکا کە یان یاسادانەرن یان جێبەجێکاری یاسان لە کۆنفرانسی ساڵانەی دانانی سیاسەتی (Policy Conference) ئایپاک (AIPAC)سەلمێنەری کاریگەری و توانای ئایپاکە لەم وڵاتەدا.

سالی 2007 ئەو ئەندامە بەرجەستانەی بەشداریان کرد بریتیبوون لە (دیک چینی جێگری سەرۆک کۆمار، نانسی پلوسی نوێنەری پارتی دیموکراتی ویلایەتی کالیفۆرنیا و سەرۆک و وتەبێژی ئەنجومەنی نوێنەران، هاری رید و میچ مک کۆنیل نوێنەری کۆماریەکان لە ویلایەتی کنتاکی و ڕێبەرانی زۆرینە و کەمینەی ئەنجومەنی سەنا، جۆن بووهنەر نوێنەری کۆماری لە ویلایەتی ئۆهایۆ.

ئەو کەسایەتیە بەرجەستانەی ساڵانیتر بەشداریان لەم کۆنفرانسەدا کردوە بریتین لە: جۆرج دەبلیو بوش سەرۆک کۆماری پێشو، کۆلین پاول وەزیری دەرەوەی پێشو، کۆندۆ لیزا رایس وتەبێژی پێشوی ئەنجومەن و گروپێک لە خاوەن بیروبۆچونی لایەنگری ئیسرائیل. لەگەڵ هەمو ئەمانەدا بوونی لۆبیتری هاوشێوەی لۆبی ئیسرائیل لە بەهێزیدا ئەستەمە. بەوتایەکیتر ئایپاک وەک یەکێک لە گرنگترین لۆبیەکانی ئیسرائیل ئەو توانایەی هەیە بتوانێت کاریگەری قوڵی لەسەر ڕەوەندی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا هەبێت و دڵنیا بێت لەوەی ئیسرائیل ساڵانە یارمەتیەکانی ئەمریکای پێدەگات.

ئایپاک بۆ کاریگەری خستنەسەر نوێنەران سود لە ئامڕازە سوننەتیەکانی وەک ناردنی نامە و تەلەفۆن وەردەگرێت و

ناچاریان دەکات بەپێی خواستی ئیسرائیل کاربکەن و دژایەتی سیاسەتەکانی ئیسرائیل نەکەن، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتداران و جێبەجێ کارانی یاسا دژی خواستەکانی ئیسرائیل کاربکەن چی روو دەدات؟ لەم بارودۆخەدا ئەوان لە سەرۆک کۆمارەوە تا ئەندامانی کابینە رووبەڕووی نامەی رەخنەئامێز دەبنەوە کەلەلایەن زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنێک یان هەر دوو ئەنجومەنەکەوە واژۆی لەسەر کراوە.

ساڵی 1975 کاتێک جیرالد فۆرد سەرۆک کۆماری پێشوی ئەمریکا هەڕەشەی لە ئیسرائیل بۆ پێداچونەوەی پەیوەندیەکی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا کرد، رووبەڕووی چەندین نامەی رەخنەئامێز بوویەوە کە لەلایەن زۆرینەی ئەندامانەوە واژۆ کرابوون. هەروەها بوش سەرۆک کۆماری پێشوی ئەمریکا مانگی (2002/4) فشارێکی کەمی خستەسەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی هێرشی سەربازی بۆ سەرناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین کەم بکاتەوە، بەڵام رووبەڕووی هەڵوێستی توندی لۆبی ئیسرائیل بوویەوە و نامەی هاوشێوەی فۆردی پێگەیشت و تواناکانی ئایپاک بۆ کاریگەری خستنەسەر سەرۆک کۆمار و ئەندامانی کابینە دەرکەوت. نمونەیەکتر کاتێک کۆندۆلیزا رایس مانگی (2007/3) بەمەبەستی خستنەگەڕی رەوەندی ئاشتی سەردانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کرد، لەلایەن لۆبی ئیسرائیلەوە فشاری زۆری خرابووە سەر لەڕێگەی نامەیەکی ئایپاکەوە کە واژۆی (79)سیناتۆری لەسەر بوو. لەم نامەیەدا داوای لێکرابوو تا ئەو کاتەی حکومەتی نوێی فەلەستین، ئیسرائیل بە رەسمی نەناسێت و دەست لە تیرۆر هەڵنەگرێت و ملکەچی رێککەوتنەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین نەبێت، دیدار لەگەڵ فەلەستینییەکان ئەنجام نەدات.

ئایپاک خۆی بە لۆبی بێ رکابەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل لە کۆنگرێسی ئەمریکا دەزانێت، کەیەکێکە لە سێ دەسەڵاتە سەرەکیەکانی حکومەت.

**کۆمیتەی جولەکەکانی ئەمریکا**

| | |
|---|---|
| دامەزراندن | ١٩٠٦ |
| ئامانج | بەرگری لە مافی جولەکە لە سەرتاسەری جیهان |
| سەرۆک | دەیڤید هاریس |
| وتەبێژ | کنت بندلێر |
| بارەگا | نیویۆرک |

**ئایپاک (ڕێکخراوی جولەکە)**

| | |
|---|---|
| دامەزراندن | ١٩٦٣ |
| سەرۆک | میشێل کاسن |
| داهات | ٦٧ ملیۆن دۆلار |
| ژمارەی ئەندامان | ٦٠ هەزار کەس |

**زاروەی پەروەردەی ئیسرائیل – ئەمریکا**

| | |
|---|---|
| دامەزراندن | ١٩٩٠ |
| بارەگا | واشنتۆن |
| سەرۆک | ریچارد فیشمان |
| داهاتی ساڵانە | ٢٦ ملیۆن دۆلار |

**کۆنگرەی جیهانی جولەکە**

| | |
|---|---|
| ساڵی دامەزراندن | ١٩٣٦ |
| بارەگا | نیویۆرک |
| سەرۆک | رۆناڵدس لۆدر |

بەرونی بینراوە هیچ کاتێک لە کۆنگرێس گفتوگۆی ئازاد لەبارەی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرامبەر ئیسرائیل ئەنجام نەدراوە، ئەگەر دەرەنجامی مشتومڕ و گفتوگۆ و بڕیارەکان لەمبارەیەوە بۆ جیهان گرنگی هەبووبێت ئەوا بە سادەیی بەڕیوەچوە بێ ئەوەی گرنگی پێدرابێت. ئێرنست هۆلینگز سیناتۆری دیموکراتی ویلایەتی کارۆلینای باشور ساڵی (2004) وتویەتی (ئەگەر پێشتر لەگەڵ ئایپاک گفتوگۆ لەبارەی رایەکەوە نەکرابێت ئەوا تۆ بەهیچ شێوەیەک ناتوانیت لەبارەی سیاسەتەکانی ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆنگرێس ئەو رایە دەرببڕیت.)

سیناتۆرێکیتر ساڵی (1991) رایگەیاندوە سیناتۆرەکان پێیانوایە ئایپاک رێکخراوێکی زۆربەهێز و بێبەزەییە، چونکە 80% ئەوان لەکاتی دەنگداندا چاویان لەسەر دەنگەکانە. هەرچەندە ئەوان دەزانن دەنگی ئەوان دەنگێکی راست نییە، بەڵام بەباشی دەزانن دژایەتیکردنی ئەم رێکخراوە بەواتای کردنە دەرەوەیانە لە پانتایی سیاسی ئەمریکا.

ئاریێل شارۆن لەبارەی ئایپاکەوە وتویەتی کاتێک لێم دەپرسن چۆن دەتوانین یارمەتی ئیسرائیل بدەین؟ لەوەڵامدا دەڵێم یارمەتی ئایپاک بدەن.

ئەیهود ئۆلمەرت جێگری شارۆنیش رایگەیاندوە سوپاسی خوا دەکەم کە ئایپاکی بە ئێمە بەخشیوە لە ئەمریکا، رێکخراوێک کە گەورەترین و باشترین دۆستی ئێمەیە لە جیهاندا.

## ئامادەکردنی سەرۆک کۆمارەکانی لایەنگری ئیسرائیل لە ئەمریکا

لۆبیەکان و گروپە سودمەندەکان بێجگە لەوەی هەوڵدەدەن لەڕێگە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانەوە کاریگەری لەسەر کۆنگرێسی ئەمریکا دروست بکەن، لە هەوڵ و کۆششدان بۆ ئەوەی کاریگەریان لەسەر جێبەجێکارانی یاساش هەبێت.

سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا کەمتر لەژێرکاریگەری نوێنەرانی کۆنگرێسدان و ناوەناوە دژی لۆبی ئیسرائیل لە کۆنگرێس بڕیار دەدەن. بەدڵنیاییەوە ئەگەر لەچەند نمونەیەکی بڕیاری ژمارەیەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا وەک ئەگەری کەمکردنەوەی تیۆری بەهای ستراتیژی ئیسرائیل یان دژایەتی داگیرکاری سەرزەویە فەلەستینییەکان چاوپۆشی بکەین، ئەوا دژایەتی راستەقینە و کرداری سەرۆک

کۆمارەکانی ئەمریکا بەرامبەر ئیسرائیل لەناوچەکەدا دەگمەن روو دەدات.

بەشێوەیەکی گشتی بەشداری یەهودیەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بەمەبەستی کاریگەری لەسەر لایەنی جێبەجێکاری سیستمی دەسەڵاتداری ئەمریکایە. بۆ نمونە لەگەڵ کەمی رێژەی یەهودیەکان لە ئەمریکا (کەمتر لە 3%)، بەڵام ئەوان زۆرترین تێچونی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کاندیدەکان یان جێبەجێکارانی یاسا بۆ هەردوو پارتەکە دابین دەکەن. وەک ئەوەی هامیلتۆن جۆردن راوێژکاری سەرۆکایەتی کۆمار و بەرێوەبەری کارمەندانی کۆشکی سپی لەنامەیەکی نهێنیدا بۆ جیمی کارتەری سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا نوسی بووی (گرنگترین و دیارترین یارمەتی دارایی بۆ کاندیدەکانی هەڵبژاردن لەلایەن یەهودیەکانی دانیشتوی ئەمریکاوە دابین دەکرێت.) لە خەمڵاندنێکیشیدا واشنتۆن پۆست رایگەیاندوە، کە سەرکەوتنی کاندیدە دیموکراتەکان بە یەهودیەکانەوە گرێدراوە و (60%)لایەنی دارایی لەرێگەی سەرچاوەی تایبەتەوە دابین دەکەن. بەدڵنیاییەوە ئەم ئامارە لەلایەنێترەوە بە کەمتر خەمڵێنراوە، بەڵام بێگومان (20% تا 50%) لایەنی دارایی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دیموکراتەکان دابین دەکەن.

لۆبی ئیسرائیل پەنجە دەخاتە سەر ژمارەیەک ویلایەتی گرنگی ئەمریکا لەوانە کالیفۆرنیا و فلۆریدا و ئیلینۆز و نیوجێرسی و نیویۆرک و پەنسلڤانیا و لەم ولایەتانەدا گرنگی بە کۆکردنەوەی دەنگی یەهودیەکان دەدەن. لەگەڵ ئەوەی هێشتا پشتیوانی لە دیموکراتەکان دەکەن، بەڵام پێویستە بووترێت پشتیوانی ئەوان بۆ کاندیدەکانی ئەم پارتە وەک پێشوو نییە و گرنگی خۆی لەدەستداوە.

لە کێبڕکێ زۆر نزیکەکاندا دەنگی یەهودیەکان گرنگی زۆری هەیە. جێفری هێلمریچ لە ناوەندی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئۆرشەلیم دەنوسێت: (دەنگدەرە یەهودیە ئەمریکاییەکان چارەنوس ساز و دیاریکەری ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتەن.... توانای دارایی و کۆنترۆڵی ئەوان بەسەر ویلایەتە گرنگ و کلیلیەکاندا لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانیتر بەراورد ناکرێت.)

لەبەر ئەم هۆکارانە کاندیدەکان خوازیاری پشتیوانی ئایپاک و لۆبیە ئیسرائیلیەکانیترن، چونکە تەنها لەم رێگەیەوە دەنگی یەهودیەکان بەدەست دێنن و بەباشی ئاگادارن لەوەی مۆری پەسەندکردنی ئەم رێکخراوە واتە دابینکردنی لایەنی دارایی هەڵبژاردنەکان و دڵنیایی لە سەرکەوتنیان.

پشتیوانی لۆبی ئیسرائیل بەواتای پشتیوانی تەواوی سیاسەتەکانی ئیسرائیلە و بێ هۆکار نییە، کە کاندیدەکانی سەرۆک کۆماری وەک جۆن ئیدواردز، میت رۆمنی، جۆن مک کین، لە کۆنفرانسی هرزلیا (Herzliya Conferance) ساڵی (2007) کە کۆبوونەوەی ساڵانەی بوونیادی (Haw Kist)و لەبارەی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل و دیاریکردنی سیاسەت و ستراتیژی ئەم وڵاتەوە گفتوگۆ دەکرێت، بەشداری دەکەن و لەوتەکانیاندا پشتیوانیان لە ئیسرائیل کرد.

**پاراستنی هەڵوێستی دەزگا دەسەڵاتدارەکان**

رێکخراوە گرنگەکانی لۆبی ئیسرائیل بەشێوەی راستەوخۆ دەزگا کاراکانی ئەمریکا دەکەنە ئامانج. کۆنفرانسی رێبەرانی رێکخراوی یەهودیەکانی ئەمریکا (Conference of Presidents) کاتێک دەزانێت کۆشکی سپی بڕیاری دژی ئیسرائیلی داوە لەرێگەی ئەو توانایانەی هەیەتی هەوڵدەدات بەفشارخستنە سەریان بڕیارەکانیان هەڵبووەشێنێتەوە.

لۆبی ئیسرائیل یارمەتی دارایی پێشکەشی ئەو کەسانە دەکات کە هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستە گرنگەکان دەدەن بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە بیانکەنە داردەستی خۆیان. هاوکات لۆبیەکانی ئیسرائیل رێگری لەو کەسانە دەکەن کە رەخنە لە ئیسرائیل دەگرن بەتایبەتی لە پۆستەکانی وەزارەتی دەرەوە.

بۆنمونە ساڵی (2001)کاتێک بروس ریدل دەستی لە پۆستەکەی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کێشایەوە، کەبەرپرسی بابەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، بڵاوکراوەی New Republic لەمبارییەوە نوسیویەتی (بڕیار بوو ئالینا رۆمۆنۆوسکی شارەزای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگەی بگرێتەوە، بەڵام پنتاگۆن دژی وەستایەوە، چونکە لایەنگری ئیسرائیل نەبووە. ئەو کەسەی بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردرا ئیلیۆت ئابرامز بوو، کە بەتۆمەتی شاردنەوەی زانیاری لە کۆنگرێس لەبارەی روداوی ئێران کۆنترا تاوانبار کرابوو، بەڵام لایەنگری ئیسرائیل بوو.)

**ئەنجام**

لۆبی ئیسرائیل وەک گروپەکانیتر لەرێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵدەدات کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دابنێت. لۆبی ئیسرائیل بە بەراورد لەگەڵ گروپەکانیتری سودمەند لە ئەمریکا هەلومەرج و پێگەیەکی زۆر باشتریان هەیە و لەبەر ئەوەشە زۆرترین کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. بەڵام پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە هەوڵەکانی ئەوان تەنها بەرەخنەگردن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سنوردار نابێت، چونکە ئەوان هەوڵ دەدەن رایگشتی کۆمەڵگەی ئەمریکا لەبارەی ئیسرائیل و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بجوڵێنن. لەبەرئەو هۆکارەیە کە زۆربەی ئەمریکاییەکان پشتیوانی لەلایەنگرانی ئیسرائیل (لۆبیەکانی ئیسرائیل) دەکەن و هیچ کاتێک پرسیار لە یارمەتیە زۆرە سەربازی و دارایی و دیپلۆماتیەکانی وڵاتەکەیان بۆ ئیسرائیل ناکەن.

**نوسینی: جۆن جەی. میرشایمر، ستیفان ئێم. والت John J. Mearsheimer and Stephen. M. Walt**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: ن. نوریزادە**

س: http://asre-nou.net/php/view.php?objnr=9061